# بۆ نوردین سەعید ویسی و نەبەز گۆران........

رزگار کۆچەر

جی لە جەستەی نیشتمان کەم کەلاشەم لەریی روخا

شادی و خۆشی بۆ من نیە کەژین بی جرا خان بی

خوا پیی داوە ئەوانەی پیکی سوری شەو هە لدەدەن

نیشتمان لایان کالایەو بازرگانی پیوە دەکەن..

لەم ولاتە جەنگ وجوانی دوو هەلاوی یەك هەناسەن

لە کام لاوە تەماشا کەن درۆ راستی یەك پیناسەن....

دەزانم ئیوەش کە گۆی لە دیاری دەگرن برسە بۆ نیشتمان دادەنین نیشتمانی خۆمان ئەو نیشتمانەی دوینی و ئیمرۆ بەیەکەوە دەمان ویست بلین خوایە واتەن ئاوا کەی جەند رەنگین و شیرنە کەجی دوای وەتن لای ئیمە بوە وەتەنیات...........لای ئەوانیش .......؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

دەمیکە لە جاوەروانی گۆرین و هەلدانەوەی ماسکە کانم جرکە جرکە میلی کاتژمیرەکەم دەژمیرم تا وەك شریتی کردنەوەی پیشەنگایەك یان کردنەوی بارگایەکی حزبی ماسکەکان بکەونە بەر مەقەسی دەستی بەربرسیکی کۆنە پیشمەرگە و لەدواوەش دایك خوشکی ئەنفال کروەکان بکەن بە جەپلە ریزان جونکە مسکەکەکان دران ووینەی قیزەوەنی خائینان کەشفیبوون....

ماسکی ماکبیس و....رۆمیۆو.....زۆرۆ نا کە بۆ رۆژی خۆشەویستی یان لە رۆژی رزگاری دەیان خستە جاوانیان .......ماسکی کۆنە رەفیق و ئەنفال جیەکان ئەوانەی ئیمرۆ لە نیو حزبەکانمان بالا دەستن ..ماسکی بەربرسە ورگن ونەفام و سمیل تراشاوەکان کە بە جناتای دبلۆ ماسی پر درۆ دەیانەوی نیشتمانمان بەرجاو خەن تا خۆیان پارجە پارجە زەویکەی دابەش کەن و نەکەونە بەر قانونی موستەفیدینیش ....

دەزانی خەریکە لە نیشتمانەکەم بۆیە و موسی سەفەری دەست ناکەوی لەبەر هەندی لە پۆست رۆشەنبیرانمان تا بلین ئیمە گەنجین کا گەنجەکان هەموویان رایان کرد .....هەمووی بەدوای شەهوەت و کجە جاوشینەکانانی ولاتی بە فر سەفەریان کرد .....ئەوان ولاتیان بۆ ئیمە جی هیشت تا وەك سولتان و میرکان هەر خۆمان کورسی و میزەکانی بەردەمان رازاوە بیت .. گەنجەکان رۆخان ئەی ئەونیە ئیمەش گەنجین وئیستاش موی سەرمان رەشەو سمیلمان تراش دەکەین ئەی ئەو نیە ئیمەش گۆی لە زەکەریا وهەردی وئەیوب عەلی رادەگرین ...ئەی ئەوە نیە ئیمەش دواین نوکتەی خیلاعیمان لایە.....

دەزانن ئەو ماسکانە لە ولاتەکەم هەموو کوجەو کۆلان وقوژنیکیان داگیر کردوە دەزانن ئەوان لە یادی ئافرەتانیش ریزی پیشەوەیان لی گرتوین ودەیانەوی وەك هارون رەشید هەرجوار دەوریان ئافرەت بی...

برادەر گیان تۆ جوزانی ....گەر نیشتمان جوان نەبا بۆ ئەوانەی کە تۆ پیان دەلی بەرپرسە شەهوانیەکان یان نوسەرە بە عسیەکان پیش نوردین سەعید وەیسی نیشتمانیان جی نەدە دەهیشت ئەوان کەی هیشتویانە شتە جوانەکان بەر ئیمە کەوی ....

ئەو نیە شاری خەونەکان هەر جوار دیوەکەی دیوار دەکری تا کورانی کورانی عەنکاوەو کورانی گەرەکی نەورۆز خانوە مەرمەرەکانی بەر برسانمان نەبینوو و لەوی بە بانگ کردنی جلورەو کریمستی مندالە کانیان بیزار نەکرین....

ئەی ئەو نیە بە دەفتەر دۆلار دەدریتە هونەرمەندە جاوەشەکانمان تا لە ئاهەنگی لە دایك بوونی مندالەکانیان گۆرانی هەمووسالیکت بە خۆشی یان هەمو سالیك هەروا بی دەلینەوە.

دەزانی ئەو کاتانەی نیشتمانەکەم لا جوانە کە خەیالم ئەو کاتانە نەک تفیک دەیان تف لە هەموو فایل داروو رۆشەنبیرە بوختان جیەکان دەکەم ئەوانەی کورە پیشمەرگەیەکی شەهید دەکەن جاسوس وخۆشیان کە بۆ تەنها رۆژیکیش شەروالیان لە بەر نەکەردوە شۆرشگیرو تەنزیم داخلی ئەوان خۆت وتەنی بە حەوت معاش بەزیادەوش لەگەل جەند بۆلیسکی بن دیوار جۆن بە قوربانی ولاتیک دەکەن کە لەوی نەک ناتوانن جاو سورکەنەوە بەلکو کورد ئاسا دەبنە قاپ شۆر............

ئەوان نیشتمان لە ئیمە دەکەنە دۆزەخ دەکەنە جەهەنەم ئەوەندە جهنەمان نیشان دەدەن تا نەک خۆمان بەلکو مندالەکانیشمان وەک خۆمان ترسنۆک و شەرمن دەربجن ئەوان مندالەکانیان لە بالاو کۆلیژی ئیشق دەخوێنن کەتەنها پارەی مانگانەکەی لە راتبی من وتۆو دایکیشم کە ژنە شەهیدە .....

ولات لای ئەوان هەموو کات خۆشە خۆشتریش دەبیت ئەو کاتانەی میزەکانیان لەو سەرەو تا ئەو سەر هەرجی مەئکولات ومەشروباتە لەسەر پال کەوتوەو دوایش وەسلەکەی لەسەر حیسابی ئەبو شەواربە ..ولات لای ئەوان ئەوندە خۆشە کە کەشتی فەرمانگەکەیان کرد یان کەشتی ووەزارەتەکەیان بای ..3 دۆلار کەرەوز بەکرن ....

ئەوان دەزانن ئەو ولاتە بۆیان مریشکە هیلکەکەی بۆ خۆیانەو جیقنەکەشی بۆ ئیمەمانان...

دەزانی ئەوان نەک ئیمە بەلکو حەز دەکەن حەسەن سیساوەش ولات جی بهیلی تا خیا نەت و وەعدوو پەیمان وجیرۆکە نەهینەکانیان یان جیی ژوان وشوقە فەرشکروەکانیان لە گەل کجە شۆخ وباریکاکەن بە حیران بۆمان نەلینەوە ...یان بۆ ژنە گوناهە کانیان کەشف نەبی کە خەریکە دەستایان لەبەر زیروو مەرجان برند نابی دەزانی کەمن بۆ ئەو کجانەم نوسی کەنەخشەی عیراقی داگیر کەریان لەملە نەم زانی بوو دیاری فلنتینایا ی بەرپرسسان بوو لە جیات نەخشەی کوردستانی گەورە کردبوویانە دیاری بۆ دۆستەکانیان...

لە نیشتمانەکەم خەریکە هەموو مان دەبینە نوسەرو هونەرمەند دەزانی مانگانە زیاتر لە 3 هەزار نوسەروو هونەرمەند ریزی لی دەگیر ی بی ئەوی هەندکیان فریان بەجەمهوریتەکەی ئەفلاتونەوە هەبیت دەزانی لە بەر ئەو هەموو نوسەرو هەونەرمەند نازانین لە کامە هۆل شانۆ ئەنجام بدەین ونازانین کامە فلیمی سینەمای رەوانی هیندستان ومیسر کەین دەزانی خەریکە لەسەر قەلات دەنوسری هۆلیود ئەی دەزانی خەریکە ئەندامانی تیپی سمفۆنیا کوردستان لە بتهۆفنەوە سوپاس نامەیان بۆ بیت ئەوەنیە ئەو 3 هەزار هونەرمەندو نوسەرە هە موو کات لەسەر شەقامن و دوای

گەرانەوی کەرکوک وناوجە تەعریب کراوەکان دەکەن....

دەزانی ئیستا لای خۆمان لە پاش میت وموخابەرات وئیتلاعات خریکە موخابەراتی اسلامی دروست دەبیت و فیری نیربازیمان دەکەن دەزانی کە هاتیوە سەردانی حەمام سیروان وحەمام بیخال وحەمامەکانی شار مەکە نەوک کامیرای لی ربت کرابیت و دوایش وینەت بەرووت وقوتی بکەویتە بردەستی مندالە بەرپرسکان تا بە بلۆ تۆزی مۆبایلەکانیان وینەمان ئالۆ گۆرکەن و بلین بە خوا خۆیەتی شیخ ...........

سلاو لە نیشتمان ....... rawa20@maktoob.com